# نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز مام جەلال

زۆر بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی سەرۆکی کۆماری عیراق و سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

دوای سلاو،

زۆر بەڕێز،
گرتن و بێسەرووشوێنکردنی دکتۆر کەمال سەید قادر لە ناوچەی دەسەڵاتی پارتیدا و لەناو جەرگەی ئەوەی پێی دەگوترێ پایتەختی هەرێمی کوردستان، ئەو هەرێمەی کە دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان بە خاوەن ئەزموونێکی دیموکراتی دادەنێن، زەنگێکی ترسدارە و هێمایەکی چەندی بلێی نیگەرانئامێزە بۆ خەڵکی کوردستان و دوارۆژە سیاسیەکەی. بێسەرووشوێنکردنی ئەو بەڕێزە هەر لە ڕۆژی چوارشەممە (2005/10/26)وە بەبێ ئەوەی خزم و کەسانی هیچ سۆراغێکی لێ بزانن و بەبێ ئەوەی مافی دەستەبەرکردنی بەرگری و پارێزگاری یاسایی هەبێ، دەرگا لەسەر زۆر پرسیار و گومان والا دەکات.

زۆر بەڕێز،
ئێوە وەک سەرۆککۆماری عیراق و وەکو کەسی یەکەم لە ناوچەی دەسەڵاتی یەکێتی نیشتیمانیدا ئەرکی ئەوەتان دەکەوێتە سەر کە هەرچی زووترە و تا درەنگ نەکەوتووە بە جدی و بەپەلە خەمخۆری ئازادکردنی دکتۆر کەمال بن، وە یان هەرنەبێ کارێکی ئەوها بکەن کە کێشەی ئەو بەڕێزە بەشێوەیەکی یاسایی و لە چوارچێوەیەک و پرۆسەیەکی دادپەروەرانە چارەسەر بکرێ. ئاخر لەکاتێکدا ئێوەی بەڕێز چەند جار دووبارەتان کردۆتەوە کە سڵ دەکەنەوە لەوەی کە ئیمزای خۆتان بخەنە ژێر بڕیاری لەسێدارەدانی دکتاتۆر و بەبێ سێ و دوو بەپیر داخوازیەکەی خوینڕێژێکی وەکو بەرزان تکریتیەوە دەچن کە لە نەخۆشخانەیەک چارەسەر بکرێ لەکاتێکدا ڕاددەی "لێبووردەیی" بگرە هەموو سنوورێکی تێکشکاندووە بەوەی کە ئامادەن دەرگای کوردستان والا بکەن بۆ ئەو فڕۆکەوانانەی لەشکری سەدام، کە گومان نیە تیایاندا هەن کوردستانیان بۆمباباران و بگرە کیمیاباران و ئەنفال کردبێ، بۆ ئەو "لێبووردەییەتان" ناگاتە ئەو ڕاددەیەی کە بەزووترین کات قسەیەک بکەن لەسەر چارەنووسی دکتۆر کەمال سەید قادر؟

هەڵبەتە، بەڕێز، مەسەلە تەنها کێشە و چارەنووسی دکتۆر کەمال نیە و بەڵکو ئەم کێشەیە خەریکە بۆ خەڵکی کوردستان دەبێتە دەروازەیەک بۆ باسکردن یان سەرلەنوێ باسکردنی گەندەڵی و حاڵەتی نادادپەروەری و بێدەنگکردنی خەڵک و هەموو ڕووەکانی دزێوی دەسەڵاتی حزبی لە کوردستان. ئیمڕۆ لە ڕێگەی شێوەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی (دکتۆر کەمال) بۆمان دەردەکەوێ کە تا چەند پەرلەمانی کوردستان دامەزراوەیەکی دیموکراتی ڕاستەقینەیە و چەند یاسا دەتوانێ هەمووان سزا بدات یان بپارێزێ وە تا چەندیش بووردەیی ئێوە تاکەکەسانی کوردستانیش دەگرێتەوە نەک هەر سەران و دەست و داری ڕژێمی پێشووی گۆڕ بە گۆڕ.

زۆر بەڕێز،
شتێکی سرووشتیە کە خزم و کەسان و دۆستان و خەمخۆرانی چارەنووسی دکتۆر کەمال چاوەڕوانیان ئەوە بێت کە ئێوە وەک سەرۆککۆماری عیراق و کەسی یەکەم لە دەسەڵاتی یەکێتی نیشتیمانیدا بە پەلە و بەبێ هیچ

دواکەوتنێک بێنە قسە لەسەر چارەنووسی ئەم بەڕێزە. بێدەنگی ئێوە لەسەر ئەم کێشەیە دەکرێ ببێتە هێمایەکی تری ترسناک لە پێشێلکردنی یاسا و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ لە کورسدتان. لە کەڵەکەبوونی پرس و گومانەکانی خەڵکی کوردستان لە ئاکامی کێشەی دکتۆر کەمال و دەها و سەدان کێشەی لەم شێوەیە قەیرانی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان قوڵتر و فراوانتر دەبێت.

بەڕێز،

باسکردن لە ووردەکاریەکانی کێشەی دکتۆر کەمال، ئایا ئەم بەڕێزە بە چ شێوازێک لە هەندێ لە نووسینەکانیدا مامەڵەی لەگەڵ هەندێ دیاردە کردووە زۆر گرنگ نیە، بەڵکو مەسەلە سەرەکی و هەنووکەییەکە ئازادی و دادپەروەریە بۆ ئەو بەڕێزە. ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە نابێ ڕێگە بدرێت مافە یاساییەکانی هیچ تاکە کەسێک پێشێل بکرێ، ئەگەر ئەو دەسەڵاتە دەربڕ و بەرجەستەبوونی کۆمەڵگەی شارستانی و یاساییە... دواجار جێگەی بێسەرووشوێنکردنی خەڵک بەبێ لێپێچینەوەیەکی یاساییانە تەنها لە ڕژێمە تۆتالیتار و عەسکەریتار و بە سیاسەت فاشی و دواکەوتوو دەبێتەوە نەک لە کۆمەڵگایەکی ئاواکراو لەسەر بنچینەی یاسا. چۆن دەکرێت خەڵکی دڵی بە ئەوەی پێی دەبێژن ئەزموونی کوردستان خۆش بێت کاتێک کە دەبینرێ بەبێ گوێدان بە هیچ نەریتێکی یاسایی خەڵک لەم وڵاتە بێ سەروشوێن دەکرێ. لەڕاستیدا ئەم ئەزموونە زیاتر لە پرسیارێک و گومانێک و نیگەرانیەکی جدی هەڵدەگرێ!

بەڕێزەوە،

د. بورهان ا. یاسین
زانکۆی لوند، سوید
2005/10/30